# تێڕوانینی (ابن تیمیە) (٦٦١- ٧٢٨ك / ١٢٦٣ - ١٣٤٨ز) بۆ دەوڵەت و دەسەڵاتەکانی مێژووی ئیسلامی

**نهاد جلال حبیب الله**

ناوەندی کوردستان بۆ دۆکیۆمێنت و لێکۆڵینەوەی ئەکادیمی، زانکۆی سلێمانی، سلێمانی، هەرێمی کوردستان، عێراق

**پوختە-** (ابن تیمیە) یەکێکە لە زانا موسڵمانەکانی نێو سەدەکانی ناوەڕاست کە لە سەردەمی خۆی و دوای خۆیشی کاریگەرییەکی کارای لە نێو کۆمەڵگەی موسڵمانان و لە ئاست دەسەڵاتە جیاوازەکانیشدا هەبووە، سەدەی بیستەم و بیست و یەکەمیش کاریگەری هزری ئەو کەسایەتییە لەناو موسڵماناندا گەیشتە ئاستێکی بەرز و هەتا ئەمڕۆ بەردەوامە. ئەم توێژینەوە هەوڵ دەدات دیدی (ابن تیمیە) بۆ دەسەڵات و دەوڵەتەکانی ناو مێژووی ئیسلامی بخاتە بەرباس، چونکە ئەم کەسایەتییە لە زۆر پرسی مێژووی مرۆڤایەتیدا قسەی کردووە، لە سەرەتای پەیدابوونەوە هەتا سەردەمی خۆی لە پرسە مێژووییەکاندا دواوە، لەو میانەشدا بەشێکی بەرچاوی خوێندنەوەکانی بۆ دەسەڵات و دەوڵەتەکانی ناو مێژووی ئیسلامی بووە، چ دەسەڵات و دەوڵەتە گەورەکانی وەك خیلافەتی راشیدی و دەوڵەتی ئومەوی و دەوڵەتی عەباسی و دەوڵەتی فاتیمی، چ دەسەڵاتە دیارەکانی وەك زەنگییەکان و ئەیووبی و مەملوکییەکان، چ دەسەڵاتە ناوچییەکانی وەك غەزنەوییەکان، زیاتر هەڵسەنگاندنی ئایینی کردووە و هەندێ جار لەوەش وردتر دواوەو لە دیدی مەزهەبییەوە هەڵسەنگاندنی بۆ کردون. واتە ئەو پێوەر و هەڵسەنگاندنانەی لە دیدی مەزهەبی ئەهلی سوننەدا هەن، (ابن تیمیە) هەوڵی داوە لێیان لانەدات. توێژینەوەکە لە سێ بەشی سەرەکی پێکدێت.

**کلیلە ووشەکان-** ابن تیمیة، مێژووی ئیسلامی، دەوڵەتی ئومەوی، دەوڵەتی عەباسی، دەوڵەتی ئەیووبی، دەوڵەتی مەملووکی.

## پێشەکی:

(ابن تیمیە) یەکێکە لەو زانا موسڵمانانەی نێو سەدەکانی ناوەڕاست کە پاش زیاتر لە حەوت سەدە کاریگەرییەکی بەرفراوانی هزر و نووسینەکانی بەسەر تاك و کۆمەڵگەی موسڵمانی ئەمڕۆوە هەیە. بەشێکی زۆری ئەو رەوت و بزاڤ و جووڵانەوانەی ئەمڕۆی موسڵمانان لەژێر کاریگەری هزری ئەو کەسایەتییەدان، دیارترینیان رەوتە سەلەفییەکان کە (ابن تیمیە) وەك رێبەرێکی باڵای مێژوویيان تەماشا دەکرێت. ئەوان لە زۆربەی بابەتەکاندا لە دیدی نووسینەکانی ئیبن تەیمییەوە خوێندنەوە دەکەن و بڕیار دەدەن.

تایبەتمەندی ئەم کەسایەتییەش لەوەدایە کە تەنها لە بوارێکدا نووسینی نەبووە، بەڵکو لە بوارە جیاوازە فیقهی و بیروباوەڕیی و فەلسەفی و هزری و مێژووییەکاندا نووسینی هەیە.

**ئامانجی توێژینەوەکە:** ئەم توێژینەوە هەوڵ دەدات دیدی (ابن تیمیە) بۆ دەسەڵات و دەوڵەتەکانی ناو مێژووی ئیسلامی بخاتە بەرباس، بەتایبەت کە بەشێك لەو دەوڵەت و دەسەڵاتانە هەتا ئەمڕۆش لای بەشێکی بەرچاوی موسڵمانان مامەڵەیەکی بیروباوەڕییان لەگەڵ دەکرێت و قسەکردن لە بارەیانەوە بە بەشێك لە بیروباوەڕی ئیسلامی هەژمار دەکەن و لەمڕۆدا رەنگدانەوەی لەسەر هەواداریی و دژایەتی و هەڵوێست وەرگرتنیان هەیە.

**میتۆدی توێژینەوە:** مێتۆدی توێژینەوە مێژوویی (وەسفی-شیکاری)یە لە رێی خوێندنەوەی بەرهەمەکانی خودی (ابن تیمیە) و خوێندکارەکانی و وەرگرتنی دید و تێڕوانینەکانی لە سەرچاوەی یەکەمەوە.

**سەرچاوەکانی توێژینەوەکە:** هەوڵ دراوە لەم توێژینەوەدا زیاتر پشت بە نووسینەکانی خودی (ابن تیمیە) ببەسترێت، وەك کتێبی ''منهاج السنة النبوية'' یان ئەو سەرچاوانەی هاوسەردەم و نزیکی (ابن تیمیە) بون، وەك ''مسالك الأبصار في ممالك الأمصار'' ی (ابن فضل الله العمري)، هاوکات سوود لە نووسینە هاوچەرخەکانیش بینراوە، وەك نووسینەکانی جۆن هۆڤەر لە بارەی ئیبن تەیمییەوە، یاخود کتێبی (قواعد المنهج السلفي في الفكر الإسلامي) لە نووسینی (مصطفى حلمي) کە تیایدا لەبارەی دید و بیرکردنەوەی (ابن تیمیە)وە دواوە.

**پرسیارەکانی توێژینەوەکە:**

رۆڵی (ابن تیمیە) لە مێژوو و لەمڕۆدا لە چ ئاستێکدایە؟

ئایا (ابن تیمیە) لە پرسە مێژووییەکان دواوە؟

دیدی (ابن تیمیە) بۆ دەوڵەت و دەسەڵاتەکانی ناو مێژووی ئیسلامی چۆن بووە؟

**پێکهاتەی توێژینەوەکە:** توێژینەوەکە لە سێ بەشی سەرەکی پێکدێت، لە بەشی یەکەمدا ناساندنی (ابن تیمیە) و رۆڵ و کاریگەری هزریی ئەو کەسایەتییەیە لە سەردەمی خۆی هەتا ئەمڕۆ و دیدی بە شێوەیەکی گشتی بۆ دەسەڵات. لە بەشی دووەمدا دیدی

مجلة جامعة التنمية البشرية

المجلد 11، العدد 3(2025) ؛ عدد الصفحات (10)؛ معرف الكائن الرقمي: 10.21928/juhd.v11n3y2025.pp100-109

ورقة بحث منتظمة: أُستلم البحث في 11 شباط 2025؛ قُبل في 13 نيسان 2025؛ نُشرت في 15 تموز 2025؛

البريد الإلكتروني للمؤلف: nihad.habibullah@univsul.edu.iq

حقوق الطبع والنشر ©2025 نهاد جلال حبيب الله. هذه مقالة الوصول اليها مفتوح موزعة تحت رخصة المشاع الإبداعي النسبية - CC BY-NC-ND 4.0

(ابن تيمیە) بۆ دەوڵەتە گەورەکانی ناو مێژووی ئیسلامی باسکراوە. لە بەشی سێیەمدا تێڕوانینی بۆ دەوڵەت و دەسەڵاتەکانی دیکەی ناو مێژووی ئیسلامی خراوەتەڕوو.

## ١-ناساندنی ئیبن تەیمە و کاریگەرییە هزرییەکەی و دیدی بۆ دەسەڵات

### ١-1 ناساندنی (ابن تيمیە)

ناوی (أحمد) ی کوڕی (عبدالحلیم)ی کوڕی (عبدالسلام) ی کوڕی (عبدالله) ی کوڕی (أبوالقاسم) ی کوڕی (تیمیە) ی حەڕانیە (ابن عبدالهادي، ٢٠٠٥، ٥٧؛ الذهبي، ١٩٨٨، 56/1). لە ڕۆژی دوو شەممە 10 ی ڕەبیعولئەوەلی ساڵی (661ک /1263ز)ی لە شاری حەڕان لەدایک بووە (الذهبي، ١٩٨٨، 56/1)

هیچ سەرچاوەیەک لە هەواداران و نەیارانی (ابن تیمیە) ڕەچەڵەکی نەتەوەیی ئەم کەسایەتییەیان یەکلانەکردۆتەوە، بەڵام کەسایەتی و ناوبانگەکەی وایکردووە ڕای جیاوازی لەسەر دروستبێت و هەرکام و بیدەنەوە پاڵ خۆیان، هەندێک پێیان وایە عەرەبە چونکە نووسین و قسەکردن و شارەزایی لە عەرەبیدا بووە، بەڵام ڕای زیاتر لەسەر ئەوەیە کە (ابن تیمیە) کوردە، چونکە شاری حەڕان شارێکی کوردیە و ئەو بنەماڵەش هەر لەوێ ژیاون و دواتر کۆچیانکردووە بۆ دیمەشق بۆ ناو عەرەبەکان. هەروەها (ابن تیمیە) هەڵگری سیفەتەکانی تاکی کورد بووە. سەردەمی (ابن تیمیە)ش ئەو سەردەمە بووە کە کوردەکان ڕۆڵێکی گەورەیان هەبووە لە خزمەتکردنی زانستە ئیسلامییەکاندا و کاریگەرییان لە ڕووداوەکانی میسر و شامدا هەبووە. (حبیب الله، 2017، ٤٧)

کاتێک شاڵاوی مەغۆلی مەترسی لای زۆرێک لە موسڵمانان دروستکرد، بنەماڵەی (ابن تیمیە) لە ترسی ئەو شاڵاوە حەڕانیان بەجێهێشت و چوون بۆ دیمەشق، (ابن العماد الحنبلي، 1998، 241/6)، ئەمەش لە ساڵی (٦٦٧ك/ ١٢٦٨ز) دا بوو (الذهبي، ١٩٨٨، 56/1).

پاش ئەوەی (ابن تیمیە) ناو و ناوبانگێکی دەرکرد، لەگەڵ ژمارەیەکی بەرچاوی فیقهناسەکاندا کێشەی بۆ دروستبوو و ژمارەیەکیان ڕقیان لێهەڵگرت و هەوڵیاندا لە دژی کاربکەن، بۆ ئەمەش لەسەر فەتواکانی و بیروباوەڕەکەشی قسەیان دەکرد و ڕەخنەیان لێدەگرت (أبوزهرة، 2000، 28-29؛ موسى، 1988، 94)، لە ئەنجامی درێژەکێشانی ئەو ڕاجیاییەدا بابەتەکە گەیشتە دادگایی کردن و لە ساڵی (705ک/1305ز) لە دیمەشق سێ کۆڕی دادگاییان بۆ گرت و هەوڵیاندا تاوانباربوونی ئەم کەسایەتییە بسەلمێنن (الذهبي، ١٩٨٤، ٣٠/٦)،

دواتر لە ساڵی (٧٠٥ك/ 1305ز) لە میسرەوە داواکرا (ابن تیمیە) بنێردرێتە ئەوێ و لەوێش دادگایی بکرێت. (ابن تیمیە) پابەندی بڕیارەکە بوو و چوویە قاهیرە، سوڵتانی مەملووکی بەرامبەری توند بوو و ئەوەبوو ماوەیەك بەند کرا، دواتر لە ساڵی (٧٠٩ك/ 1309ز) گوازرایەوە بۆ ئەسکەندەرییە، پاشان ئازاد کرا و گەڕێنرایەوە قاهیرە و دواتر برایەوە بۆ ئەسکەندەرییە و لەوێش بەند کرا. دواتر سوڵتان (ناصر) ی مەملووکی ئازادی کرد. ئینجا (ابن تیمیە) میسری جێهێشت و لە ساڵی (712ك/ 1312ز) دا گەڕایەوە دیمەشق ( ابن حجر، ١٩٧٢، ١٦٨/1-١٦٩). لە جارێکی دیکە لەوێ لەسەر دوو بابەتی زانستیی کە ڕای جیاوازی هەبوو سکاڵای لەسەر کرا و لە بەندیخانەی قەڵای دیمەشق بەندکرا و ئازاد نەکرا (ابن فضل الله العمري، 2010، 702/5) تا ئەوەی لە ساڵی (728ک/1346ز) لە بەندیخانەدا کۆچی دوایی کرد (الذهبي، 1988، 56/1؛ الحافظ العراقي: الوافي، 2018، 341).

جەماوەرێکی زۆری (ابن تیمیە) ئامادەی ئەسپەردەکردنی بوون و بە زیاد لە شەست هەزار کەس خەمڵێنران، دواتر لە گۆڕستانی (الصوفیة) لە دیمەشق ئەسپەردە کرا (ابن فضل الله العمري، 2010، 702/5).

بەرهەمەکانی (ابن تیمیە) زۆرن، بەڵام ئەوەی گرفتی بەردەم زانینی هەموو بەرهەمەکانیەتی، ئەوەیە کە هەندێک لە نووسینەکانی نەماون (سالم، 1992، 23)، لە دیارترینی ئەو کتێبانەی هەیەتی بریتین لە ‘‘درء تعارض العقل والنقل’’ و ‘‘منهاج السنة النبویة’’ کە لەمەدا بە وردی قسە لەسەر بەشێکی زۆر لە دەسەڵاتە ئیسلامییەکان دەکات، ‘‘الجواب الصحیح لمن بدل دین المسیح’’ و ‘‘مجموع الفتاوی’’ کە کۆکراوەی بەشێکی زۆر لە فەتوا و نووسینەکانی ئەو زانایەن. بە گشتی نزیکەی سەد بەرهەمی لە ئێستادا بەردەستن و زۆربەیان چاپکراون.

ئەم زانایە نامیلکەیەکی تایبەتی نووسیوە سەبارەت بە دەستنیشانی ئەو گۆڕەی کە سەری (حسین بن علي) تێدا ئەسپەردە کراوە، کتێبەکەشی ناو ناوە ‘‘رأس الحسین’’ و تیایدا بە وردی قسە لەسەر ئەو مەزارانە دەکات کە بە ناوی کەسایەتییە گەورەکانەوە بنیاد نراون و هەوڵ دەدات لە ڕووی مێژووییەوە نادروستی ئەو مەزارانە بخاتەڕوو و ئامانجی پشت دامەزراندن و گرنگیپێدانیان دەستنیشان دەکات، بۆ نموونە قسە لەسەر گۆڕی ئوبەی کوڕی کەعب دەکات و لە ڕووی مێژووییەوە بەرپەرچی دەداتەوەو پێی وایە ئەو کەسایەتییە هەرگیز نەچووەتە دیمەشق و لە مەدینە کۆچی دوایی کردووە. دواتر گومان دەخاتە سەر مەسیحی بوونی ئەو کەسەی لەو گۆڕەدا ئەسپەردە کراوە. (رأس الحسین، 190)

لە کتێبی ‘‘منهاج السنة النبویة’’ دا کە لە وەڵامی کتێبی زانایەکی شیعەدا بە ناونیشانی ‘‘منهاج الکرامة’’ نووسیویەتی، (ابن تیمیە) زۆر بابەتی وردی مێژوویی پەیوەست بە سەردەمی خیلافەتی ڕاشیدین و دەوڵەتانی ئومەوی و عەباسی خستۆتەڕوو.

وێڕای ئەوەش بەشێکی بەرچاوی خوێندکارەکانی (ابن تیمیە) کەسانی مێژوونووس دەرچوون، لە نموونەی ئەوانەش (ابن کثیر) و (شمس الدین الذهبي). (شلش، ٢٠٠٥، 46-51) (الصفدي) (الصفدي، ٢٠٠٠، 14/7)، (ابن الوردي) (ابن الوردي، 1996، 276/2).

### ١-2 کاریگەریی هزری (ابن تیمیە)

کاریگەری هزری (ابن تیمیە) هەر لە سەردەمی خۆیدا بەرجەستە بوو، چ لە ڕووی مامەڵەی بەرامبەر بە دەسەڵات کە خەڵکانێکی زۆر لەژێر کاریگەری هزر و فەتواکانی ئەودا دەستیان بۆ گۆڕانکاری ناو کۆمەڵگە دەبرد (ابن کثیر، 1997، 728/17)، چ لە بەرنگاربوونەوەی هێزە سەربازی و دەسەڵاتدارەکانی وەك مەغۆلەکان (ابن عبدالهادي،2005، 138) یان هێزە ناڕازییە ناوچەییەکان (ابن کثیر، 1997، 730/17).

پاش مردنی خۆیشی کاریگەری (ابن تیمیە) لە ڕێی نووسینەکانی خۆی و خوێندکارەکانیشیەوە درێژەی کێشا، بە تایبەت کە بە هۆی وەرنەگرتنی هیچ پۆستێك و بەردەوام خۆ یەکلاکردنەوە بۆ وانەوتنەوەو بواری زانست، خوێندکارەکانی زۆر بوون(قدریة عبدالحمید، ١٤٠٥ هـ، ٢٥)، دیارترین نموونەی ئەوانەش (ابن القیم الجوزیە) بوو کە دیارترین خوێندکاری بوو و دوای مردنی توانی پەیامەکەی (ابن تیمیە) بەردەوامی پێ بدات (ابن القیم، 2019، 109/1-110). هەروەها (ابن کثیر) ی خوێندکاری لە نووسینەکانی و تەفسیرەکەیدا بە ڕوونی گرتنەبەری ڕێبازی (ابن تیمیە) دیارە، هەروەها (شمس الدین الذهبي) شەهوڵێکی

زۆری خستەگەڕ و لەپێناو دید و تێڕوانینەکانی (ابن تیمیە) دا ئازاری چەشتووە ((شلش، ٢٠٠٥، ٤٨).

ڕەوتی خوێندنگەی (ابن تیمیە) بە هاتنی سەردەمی عوسمانی بە چەند هۆکارێکی جیاواز لاوازبوو (الزهراني، 1998، ٨٤/٢، ٢٤٣، ٤٣٧، ٥٤٦) هەتا هاتنی موحەممەدی کوڕی عەبدولوەهاب کە لە حیجازدا سەرییهەڵدا و لە سەرەتاوە دەستیدایە خوێندنەوەی نووسینەکانی (ابن تیمیە)و بە تەواوەتی کەوتە ژێر کاریگەرییانەوە و هەوڵیدا ئەو هزرە ببووژێنێتەوە و لەناو خەڵکدا بڵاوی بکاتەوە (القطان، 2001، 86-87).

سەدەی نۆزدەو بیستەم بەتایبەت سەردەمی گەشانەوەی هزری خوێندنگەی (ابن تیمیە) بوو، کەسانی وەک موحەممەد ڕەشید ڕەزاو چەندێکیتر هەوڵی گەشەپێدانی هزری (ابن تیمیە) یان دا، چەند بزووتنەوەیەکی جیاجیاش لە ناوچە جیاوازەکاندا کاریگەر بوون بەو هزرە، لەوانەش بزووتنەوەی سەنوسی لە ئەفریقا، بزووتنەوەی مەهدییە لە سودان سەرییهەڵدا کە ئەمیش بە هەمان شێوە لە ژێر کاریگەری هزری (ابن تیمیە) دا بوو و لە گەشەسەندنی ئەو هزرەدا ڕۆڵێکی دیاری بینی، بزووتنەوەی ئیخوان موسلیمینیش تا ئاستێک لە ژێر کاریگەری هزری (ابن تیمیە)دا بوو (القطان، 2001، 87، ٣٠٩).

لەگەڵ هەموو ئەمانەدا دەسەڵاتی سعوودی بەردەوام گرنگی بە ڕەوتی سەلەفی خۆی دەداو نووسینەکانی (ابن تیمیە)و خوێندکارەکانی و موحەممەدی کوڕی عەبدولوەهابیش تیایدا بڵاوبوون و تا ئەمڕۆش ئەو ڕەوتە لە شانشینی سعوودیەدا بڵاوە (محمد أبوزهرە، ٢٠٠٠، 423-424).

وێڕای ئەمەش لەم سەردەمەدا و هەر لە حەفتاکانی سەدەی بیستەمەوە تا ئەمڕۆش، زۆرێك لەوانەی بانگەشەی جیهاد دەکەن، زیاتر لە هەر زاناکایەکی دیکە دەق و نووسینەکانی (ابن تیمیە) دەکەنە بەڵگە بۆ هەوڵ و هەنگاوەکانیان، وەك چۆن ڕەوتە سەلەفییەکان لە جیهاندا هەمان هەنگاو دەنێن (جون هوفر، ٢٠٢٠، ٢٣)

مادەم هزری (ابن تیمیە) تا ئەو ئاستە لە مێژوودا هەتا ئەمڕۆ کاریگەری هەبووەو لەم سەردەمەشدا کاریگەرییەکەی چڕتر بۆتەوە، بۆیە گرنگە لە دید و تێڕوانینی ئەو بۆ دەوڵەت و دەسەڵاتە ئیسلامییەکان بڕوانین هەتا لەو خوێندنەوەی بۆ ئەوانەوە لە پەیامی ئەو کەسایەتییە بەرامبەر بە دەسەڵات تێبگەین.

### ١-٣- دیدی بۆ مێژووی ئیسلامی

لە نووسینەکانی ئیبن تەیمییەدا زۆر بابەتی مێژوویی هەن کە بە وردی لەبارەیانەوە دواوە، چ ئەو بابەتانەی سەبارەت بە سەرەتای بوون و پەیدابوونی مرۆڤایەتییەوە قسەیان لەبارەوە کراوە (ابن تیمیە، 314/1، 322)، یاخود مێژووی گەلانی پێشوو و هاتنی پێغەمبەران (علیهم السلام) (ابن تیمیة، 1995، 46)، یان مێژووی هزر و فەلسەفە وەك ئەوەی لای یۆنانییە کۆنەکان هەبووە (ابن تیمیة، الجواب الصحیح، 1999، ٣٤٥/1) یاخود بەش و تاوە جیاوازەکانی ناو مێژووی ئیسلامی (ابن تیمیة، 1986، 474/5).

(ابن تیمیە) وەک بوارەکانی تری زانستەکان، لە دیدی قورئان و سوننەت و پاشان ڕای سەلەفەوە سەیری مێژووی دەکردو خوێندنەوەی بۆ ژیان و مێژووی بوون و ڕێکردەی مێژوویی مرۆڤەکان هەبوو (الكرمي، 2005، ٣٤٩).

ئەو سەردەمی پێغەمبەر (د.خ) و دواتر سەردەمی خەلیفەکانی ڕاشیدین (١١-٤١ك/ ٦٣٢-٦٦١ز) دەکاتە بناغەی ڕێڕەوی مێژووی ئیسلامی و زۆر جەخت لەو فەرموودە دەکاتەوە کە دەفەرمووێت:(خیر الناس قرني ثم الذین یلونهم، ثم الذین یلونهم...) (البخاري، 1993، 938/2؛ مسلم، ١٩٥٥، 1963/4) (چاکترینی خەڵك ئەوانەی سەردەمەکەی منن، دواتر ئەوانەی سەردەمی دوای ئەوانن، ئینجا ئەوانەی دوای ئەوان دێن) لەسەر بنەمای ئەم فەرموودەیە پێی وایە مێژووی ئیسلامی تا لە سەردەمی پێغەمبەر (د.خ) دووربکەوێتەوە هەڵەو لادانی زیاتری تێدەکەوێت، لەگەڵ ئەمەشدا ڕای خۆی بە ڕەشبینانە ناهێڵێتەوە و فەرموودەیەک دەکاتە بەڵگە بۆ هیوابەخشین بە موسڵمانان (إن الله یبعث إلی هذه الأمة علی رأس کل مائة سنة من یجدد لها دینها) (أبوداود، 2009، 349/6) (خوای گەورە لەگەڵ هەر سەد ساڵێکدا کەسێك بۆ ئەم ئوممەتە دەنێرێت هەتا ئاینەکەیان بۆ نوێ بکاتەوە). بەپێی ئەم فەرموودەیە ئوممەتی ئیسلامی بەرەو هەر هەڵدێرێک بڕۆن، لە هەموو سەدەیەک ڕەوتەکەیان لەسەر دەستی نوێگەرێک دەچێتەوە ڕەوڕەوەی ڕاستی جارانی خۆی (ابن تیمیة، 2004، 297/18؛ مصطفی حلمي، 2005، 172، 192).

ئەو بەهێزیی بیروباوەڕی دروستی ئیسلامی دەکاتە بنەمای بەهێزی مێژووی ئیسلامی، پێی وایە لەو کاتەوەی بیروباوەڕی پتەوی ئیسلامی لە بەهێزی ڕازیکردنی عەقڵی و دڵنیایی دڵەوە گۆڕا بۆ چەند بیرو هزرێکی وشکی لێدوان لە بوونی خودایی، شانوشکۆی دڵەکان نەماو بە کۆژاندنەوەی بیروباوەڕو تاودانە بواری مشتومڕی کەلام و فەلسەفەو سەرهەڵدانی بیدعە لەناو موسڵماناندا، مێژووی ئیسلامی بەرەو لاوازی چوو و لە دەرەنجامی ئەوەدا دەرفەت کرایەوە تا خاچدروشمەکان هێرش بکەنە سەر جیهانی ئیسلامی و لە کۆتاییەکانی سەدەی چوارەمدا بەیتولمەقدیس بگرن. بەمجۆرە بنەڕەتی مێژووی ئیسلامی بە بنەڕەتێکی بەتین و نیوەندەکەشی بە ماوەیەکی ئیجابی تێکەڵ بە هەڵەو سەردەمی لاوازیشی بە ماوەی دووکەوتنەوە لە قورئان و سوننەت و پێشەنگی پێغەمبەرو هاوەڵان دەزانێت و گەشبینیش بەرامبەر بە داهاتووی موسڵمانان دەدات کە لەوپەڕی لاداندا هەموو سەد ساڵ جارێک کەسێک دەبێتە پێشەنگی موسڵمانان تا بیانگێڕێتەوە سەر ڕەوتی جارانی (مصطفی حلمي، 2005، 190-191).

ئەو هۆکاری شکستی موسڵمانان لە میسر و شام لە سەدەکانی ناوەڕاستدا بۆ لاوازیی پابەندبوونی خەڵك و دەسەڵاتەکان بە ئاینی ئیسلامەوە دەگێڕێتەوەو پێی وایە ئەوە بۆتە هۆکاری هاتنی شاڵاوە خاچدروشمی و مەغۆلیەکانیش(جون هوفر، ٢٠٢٠، ٢٣). پێی وایە بەهۆی بوونی دەمارگیری خێڵایەتی و خزمایەتی بەشێك لە موسڵمانانەوە لە بری پابەندبوون بە بڕیار و ڕێنماییەکانی شەریعەت، مەغۆلەکان هێرشیان هێناوەتە سەر جیهانی ئیسلامی و دەستیان بەسەردا گرتووە (ابن تیمیة، ١٤٠٤هـ، ٤٣/٢).

بە شێوەیەکی گشتی دیدی (ابن تیمیە) بۆ مێژوو تێڕوانینێکی ئاینییە و لە چوارچێوەی ئاینە یەکخواپەرستیەکاندایە و بە هاتنی هەر ئاینێکی نوێی یەکخواپەرستی دەستبەرداری کارابوونی ئاینی پێشوو بووە، بەمجۆرە پێی وایە تێڕوانینی ئیسلام بۆ مێژوو دروستترین تێڕوانینە (مصطفی حلمي، 2005، 188-190.). لەوێشەوە بەرنگاری ئەو ڕێڕەوە عەقڵسەپێنیە دەبێتەوە کە خۆی لە فەلسەفەی ئەفلاتۆنی نوێدا خۆی نیشانداوە یان ئاراستەی سۆفیگەرییەك کە لە ئیبن عەرەبیدا خۆی نواندووە، یان ئەو زانستی کەلامەی کە لای ئەشعەری و موعتەزیلەکان هەیە، بەرامبەر بەوە گەڕانەوە بۆ قورئان و سوننەت و ڕای پێشین -واتە زانایانی سەرەتای ئیسلام- دەکاتە بناغەی تێڕوانینەکانی (جون هوفر، 2022، ٢١).

## ٤-١ دیدی بۆ دەسەڵاتداری موسڵمان

(ابن تیمیه) پێی وایە بەردەوام دەسەڵات لەدەست دوو تاقمدا بووە، سەرکردەکان و زاناکان، واتە چەندە دەسەڵاتدارە سیاسی و سەربازییەکان بڕیاربەدەست و جەمسەری گۆڕانکاری بون، هێندەش زاناکان ئەو ڕۆڵەیان لا بووە، هەرکات ئەو دوو تاقمە چاك بوون، کۆمەڵگەش چاك دەبێت، بەپێچەوانەشەوە، لەو بارەوە نووسیویەتی ''وَأُولُو الْأَمْرِ صِنْفَانِ: الْأُمَرَاءُ وَالْعُلَمَاءُ، وَهُمْ الَّذِينَ إذَا صَلَحُوا صَلَحَ النَّاسُ'' (ابن تيمية، 1418هـ، 127).

ئەو پێی وایە دەسەڵاتداری چاك و تەواو ئەوەیە کە هەم زانا و دادپەروەرد بێت، هەم سیاسەتمەدار و توانای دەسەڵاتداریشی هەبێت، چوار خەلیفەی ڕاشیدینیش خاوەنی هەردوو تایبەتمەندییەکە بون، هاوکات فەزڵ و گەورەیی (أبوبکر الصدیق) و (عمر بن الخطاب) پێش (عثمان بن عفان) و (علي بن أبي طالب) دەخات و پێی وایە ئەو دوانەی پێشوو لەو دوانەی دواتر سەرکەوتووتر و بەهێزتر بون. بەڵام لە دوای ئەوان بە گشتی ئەو دەسەڵاتدارانەی لە مێژووی ئیسلامیدا هاتون، یان لە ڕووی زانست و خواناسییەوە بەهێز بون و لەوی دیکەدا بەهێز نەبون، یان لە ڕووی سیاسەت و دەسەڵاتدارییەوە بەهێز بون و لە زانست و خواناسیدا بەهێز نەبون، (عمر بن عبدالعزیز) بە نموونەیەکی جیاواز دەبینێت کە توانیویەتی چەشنی خەلیفەکانی ڕاشیدین لە هەردوو لایەنەکەدا بەهێز و سەرکەوتوو بێت(ابن تیمیة، 1986، 107/4)

ئەو پێی وایە دەسەڵاتدار مادەم موسڵمان بێت، پێویستە خەڵکی پابەندی دەسەڵات بن و لە دژی هەنگاو نەنێن، لەو بارەوە دەڵێت ''فذلك ما أمر الله به ورسوله من طاعة ولاة الأمور ومناصحتهم هو واجب على المسلم و إن استأثروا عليه'' ''ئەوە ئەو شتەیە کە خوای و پێغەمبەرەکەی فەرمانیان کردووە گوێڕایەڵی دەسەڵاتداران بن و ئامۆژگارییان بکەن و ئەوەش واجبە لەسەر موسڵمان تەنانەت ئەگەر دەسەڵاتداران لە دژیشی هەنگاو هەڵنێن'' (ابن تیمیة، 1994، ١٢) ئەو پشتبەست بە فەرموودەی پێغەمبەر (د.خ) ماوەکانی دەسەڵاتەکانی مێژووی ئیسلامی دابەش دەکات و سی ساڵی یەکەم بە خیلافەت و ئەوەی دواتر بە پادشایەتی دەزانێت. هەرچەندە بوونی پادشایەتی لە پەنا خیلافەتدا بە خراپ و ناڕەوا نازانێت هەرچەندە خیلافەتی لەلا باشترە، هاوکات پێی ڕەوایە بەو پادشایانە بوترێت خەلیفە و دەڵێت ''ویجوز تسمیة من بعد الخلفاء الراشدین خلفاء وإن كانوا ملوكا'' بۆ ئەوەش پشت بە دەقی فەرمووده دەبەستێت(ابن تیمیة، 1994، ٢٣، ٢٥، ٣١).

لە شێوازی دانانی دەسەڵاتداری موسڵمانانیشدا پێی وایە دوای چوار خەلیفەی ڕاشیدین، دەسەڵاتی زاڵ و هێزی پشتەوە کە بە (أهل الشوكة) ناویان دەبات هۆکاری سەرەکی دانانی خەلیفەکان بون، تەنانەت هەندێ جار ویستی خودی خەلیفەش دەرەقەتی خواستی ئەوان نەهاتووە، نموونەی (عمر بن عبدالعزیز) دەخاتەڕوو کە ویستی قاسمی کوڕی موحەممەد لە دوای خۆی بکاتە خەلیفە، بەڵام ئەو هێزە نەیێشت، ئەو هێزە زۆرجار کەسانێکی لە دەسەڵاتدا داناوە کە کەسی لەو شیاوتریش هەبووە، بەڵام نەیتوانیوە پۆستی دەسەڵات وەربگرێت. لەو بارەوە دەڵێت ''كَانَ بَعْضُ أَهْلِ الشَّوْكَةِ بَعْدَ الْخُلَفَاءِ الْأَرْبَعَةِ، يُوَلُّونَ شَخْصًا وَغَيْرُهُ أَوْلَى بِالْوِلَايَةِ مِنْهُ، وَقَدْ كَانَ عُمَرُ بْنُ عَبْدِ الْعَزِيزِ يَخْتَارُ أَنْ يُوَلِّيَ الْقَاسِمَ بْنَ مُحَمَّدٍ بَعْدَهُ لَكِنَّهُ لَمْ يُطِقْ ذَلِكَ، لِأَنَّ أَهْلَ الشَّوْكَةِ لم يكونوا موافقين على ذلك'' ''هەندێ لە خاوەن دەسەڵاتەکان و بڕیاربەدەستەکانی دوای چوار خەلیفەکە کەسیان دادەنا لەکاتێکدا کەسی لەو شیاوتر بۆ دەسەڵاتە هەبوو، عومەری کوڕی عەبدولعەزیز قاسمی کوڕی موحەممەدی بۆ دوای خۆی هەڵبژارد بەڵاك نەیتوانی ئەوە بکات چونکە بڕیاربەدەستەکان ڕەزامەندییان لەسەر ئەوە نەبوو'' (ابن تیمیة، 1986، 550/1)

(ابن تیمیه) پێی وایە هەر دەسەڵاتدارێك کاروباری موسڵمانانی گرتبێتەدەست و نیازی بۆ خودا بووبێت و لەگەڵ هاوڵاتییاندا چاك و دادپەروەر بووبێت، لە بەرامبەردا نزاکانی گیرا بووەو بە چاکە باسکراوە، بۆ پشتیوانیکردنی ئەو بۆچوونەشی هانی خەڵك دەدات لە ژیان و ناوبانگی کەسانی وەك (عمر بن عبدالعزیز) (م ١٠١ك/ ٧١٩ز) و (نورالدین) زەنگی (م ٥٦٩ك/ ١١٧٤ز) وردبینەوە، لە بەرامبەردا نموونەی حەججاجی کوڕی یووسفی سەقەفی دێنێتەوە کە چۆن بە ستەمکار و خراپەکار ناسراوە و ناوبانگێکی خراپی بۆ ماوەتەوە (ابن تیمیة، 2019، 230/7).

## ٢- دید و تێڕوانینی بۆ دەوڵەتە گەورەکان:

### ٢-١- دیدی گشتی بۆ دەوڵەتە گەورەکان:

(ابن تیمیه) جیاوازی مێژووی دەوڵەتە سوننییەکانی وەك ئومەویەکان و عەباسیەکان لەگەڵ دەوڵەتە شیعیەکانی وەك بوەیهییەکان و فاتیمییەکان وەك جیاوازی ڕەش و سپی دەزانێت، پێی وایە چەندە مێژووی (عمر بن الخطاب) و (عمر بن عبدالعزیز) جیاوازە لە مێژووی (الحجاج بن یوسف الثقفي)، یاخود جیاوازی مێژوو و ڕاستێتی پێغەمبەرانی وەك مووسا و عیسا و موحەممەد (د.خ) لەگەڵ (مسیلمة الکذاب) و (الأسود العنسي)، ئاواش مێژووی دەوڵەتانی ئومەوی و عەبباسی ڕوون و جیاوازە لە مێژووی بوەیهی و فاتیمییەکان. (ابن تیمیة، 1425هـ، 171).

بە شێوەیەکی گشتی بوونی دەسەڵاتەکانی وەك ئومەوی و عەباسی و زەنگی و ئەیووبی و مەملووکی بۆ موسڵمانان بە درێژایی مێژوو بە باش دەزانێت تەنانەت ئەگەر ئەوانە بە ڕێکاری شەرعیش شیاوتر نەبووبن بە دەسەڵات، بۆ ئەوەش مشتومڕی دروستی ئەو بۆچوونەی دەکات. (ابن تیمیة، 1986، 547/1)

پێی وایە بە درێژایی مێژووی دەسەڵاتە ئیسلامییەکانی وەك ئومەوی و عەبباسی، هیچ دەسەڵاتێك بێڕێزی بەرامبەر بە کەعبە نەکردووەو ئەو شوێنە بەردەوام بە پیرۆزی مامەڵەی لەگەڵ کراوە، ئەوەش کە لە لە سەردەمی گەمارۆی عەبدوڵای کوڕی زوبەیردا بە مەنجەنیق درا لە کەعبە، مەبەست پێی لێدانی شکۆی کەعبە و سووتاندنی نەبوو، بەڵکو لەناوبردنی دەسەڵاتەکەی عەبدوڵای کوڕی زوبەیر بوو (ابن تیمیة، 1986، 577/4).

### ٢-٢- دیدی بۆ خیلافەتی ڕاشیدین (١١-٤١ك/ ٦٣٢-٦٦١ز)

(ابن تیمیه) هەریەك لە (أبوبکر) و (عمر) و (عثمان) و (علي) بە چوار خەلیفەی ڕاشیدین دەزانێت کە باشترین نموونەی موسڵمانان بون دوای سەردەمی پێغەمبەر (د.خ)، بۆ ئەوەش پشت بە دەقی فەرموودەیەك دەبەستێت و پێی وایە پشتبەست بەو فەرموودەیە دەبێت موسڵمانان لە سەردەمانی دیکەشدا پێشەنگی بەو ماوە مێژووییەوە بکەن. (ابن تیمیة، 2004، 478/4) پێی وایە تێگەیشتنی ئەوان بۆ قورئان و فەرمووده دروستترین تێگەیشتن بووە، بەو پێیەش کە ئەو دووانە سەرچاوەی بنەڕەتی مەعریفەن، بۆیە ئەزموونی ئەوان باڵاترین ئەزموونە. ئەوەشی کە شیعە و خەواریجەکان ڕەخنە لە هەرکام لە سێ خەلیفەی یەکەمی ڕاشیدین دەگرن، بە ناڕەوا و ستەم دەبینێت و بەرگری لەوان و لە سیاسەتی دەسەڵاتدارییەکەشیان دەکات. (لاووست، ٧٥/١-78).

سەبارەت بە ریزبەندی خەلیفەکان و شیاوێتییان، لەسەر دیدی گشتی ئەهلی سوننە دەڕوات، سەرەتا پێی وایە کۆدەنگیی هەبووە لەسەر شیاوێتی (أبوبکر) وەك یەکەم خەلیفە، ئەوەی ڕای جیای لەسەرە ئەوەیە ئایا (أبوبکر) بە دەقی فەرمووودەی پێغەمبەر (د.خ) وەك خەلیفە دەستنیشانکراوە یان موسڵمانان خۆیان هەڵیانبژاردووە (ابن تيمية، 1994، ٥٥)

ئەو هەندێ جار بۆ هەڵسەنگاندنی ئاستی باشی و دروستی مەزهەبەکانی ناو موسڵمانان، دیدی ئەوان بەرامبەر بە خیلافەتی راشیدین دەکاتە یەکێك لە پێوەرەکان، بۆ نموونە پێی وایە موعتەزیلە زۆر لە رافیزە و خەواریجەکان باشترن چونکە ئەوان دان بە دروستی خیلافەتی خەلیفەکانی راشیدیندا دەنێن (ابن تيميه، 1404هـ، 144/2).

(ابن تيميه) پێی وایە زۆرینەی ئومەت لە دوای خیلافەتی راشیدینیش کۆك بون لەسەر دروستی و شیاوێتی خیلافەتی ئەوان، تەنانەت ئەو ناڕەزایەتییانەی لە دەوڵەتی ئومەویدا هەبون، هۆکارەکەیان ناڕەزایی نەبووە لە خیلافەتی (ابوبکر) و (عمر)، هەروەك چۆن ئومەوییەکانی ئەندەلوس و عەبباسییەکانیش هەمان هەڵوێستیان هەبووە. (ابن تيمية، 1986، 341/6)

سەبارەت بە ماوەی دەسەڵاتی (علي بن أبي طالب) پێی وایە دوو تاقمی لادەر نەیانتوانیوە هاوسەنگیی لە هەڵسەنگاندنی دەسەڵاتدارییەکەیدا رابگرن کە ئەوانیش خەواریجن کاتێك خوێنی ئەویان بە رەوا دزانی، لەگەڵ رافیزەکان کە لە پیاهەڵدان و پیرۆزڕاگرتنیدا زیادەڕەوییان دەکرد (ابن تيمية، 1994، ٥٩).

هەروەها لە کتێبەکانیدا دەچێتە نێو وردەکارییەکانی مێژووی سەردەمی راشیدین و هەم بە گێڕانەوەو هەم بە هەڵسەنگاندن و رەخنە و شیکاریش لەبارەیانەوە دەدوێت، بۆ نموونە باسی جەنگی هەڵگەڕاوەکان و فتووحات و دانانی خەلیفەکان و ناڕەزایەتییەکان بەرامبەر (عثمان بن عفان) و جەنگەکانی جەمەل و سفین دەکات. (ابن تيمية، 1986، 447/4، 326/8).

ئەو تەنانەت هەڵسەنگاندن بۆ ئەو سەرچاوانەش دەکات کە لە بارەی سەردەمی راشیدینەوە یاخود بەشێك لە مێژووی ئەو سەردەمەوە نووسراون، بۆ نموونە لە بارەی جەنگی هەڵگەراوەکانەوە نووسیویەتی ''ئیخبارییەکان -مێژوونووسان- چەندین کتێبی تایبەتیان هەیە سەبارەت بە جەنگی هەڵگەڕاوەکان و ناویان ناون کتێبی (الردە) و (الفتوح) وەك کتێبی (الردە) ی (سیف بن عمر) و (الواقدي) و جگە لەوان. تیایدا وردەکاری بەسەرهاتی هەڵگەڕاوەکان و جەنگیان باسکردووە.. هەندێ لەوانە بە موتەواتیری لای خەڵکی گشتی و کەسانی تایبەتیش هاتووە، هەشیانە کەسانی جێمتمانە گێڕاویانەتەوە، هەندێ شتیشیان تێدایە کە پچڕاو و دابڕانیان تێدایە و ئەگەری هەیە راست و درۆیان تێدا بێت، شتی وایشی تێدایە دەزانرێت لاواز و درۆیە'' (ابن تيمية، 1986، 325/8).

تاوانی هەڵەی جەنگی جەمەل و صەفین دەداتەوە پاڵ نەیارانی ئیسلام و بەشداربوانی جەنگەکە لەو ئاستەدا دادەنێت کە ئیجتهادیان کردووە، ئەوەی لە ئیجتهادەکەدا پێکاویەتی عەلی کوڕی ئەبووتاڵیبەو دووپاداشتی بۆ هەیە، ئەوانی تریش لە ئیجتهاددا نەیانپێکاوەو یەک پاداشتیان بۆ هەیە (حلمي، 2005، 431-432).

## ٢-٣- دیدی بۆ دەوڵەتی ئومەوی (٤١-١٣٢ك/ ٦٦١-٧٤٩ز)

ئەو پێی وایە ئومەوییەکان لە سەردەمی پێغەمبەرەوە (د.خ) پۆستی زۆریان پێ دراوە، بۆ نموونە دەڵێت ''ئومەوییەکان لە هەموو هۆزەکانی دیکە کاربەدەستی بەردەستی پێغەمبەریان هەبوو، چونکە کاتێك فەتحی مەککەی کرد، (عتاب بن أسيد بن أبي العاص بن أمیە) ی کردە بەرپرسی مەککە و خالیدی کوڕی سەعیدی کوڕی عاسی کوڕی ئومەیە و دوو براکەی تری کە ئەبان و سەعید بوون لەسەر ناوچەی تر دانا..'' (ابن تيمية، 1986، 145/4).

هەروەها پێی وایە دامەزرێنەری دەوڵەتی ئومەوی کە موعاویەی کوڕی ئەبووسوفیانە باشترین پادشای موسڵمانان بووەو ئەو وەك خەلیفە ناناسێنێت، بەڵکو وەك پادشایەکی میهرەبان، بۆ ئەوەش پشت بە دەقی فەرموودەیەك دەبەستێت. بە دەق نووسیویەتی ''واتفق العلماء على أن معاوية أفضل ملوك هذه الأمة فإن الأربعة قبله كانوا خلفاء نبوة وهو أول الملوك؛ كان ملكه ملكا ورحمة كما جاء في الحديث: " {يكون الملك نبوة ورحمة ثم تكون خلافة ورحمة ثم يكون ملك ورحمة ثم ملك وجبرية ثم ملك عضوض} " وكان في ملكه من الرحمة والحلم ونفع المسلمين ما يعلم أنه كان خيرا من ملك غيره'' ''زانایان لەسەرئەوە کۆدەنگن کە موعاویە باشترین پادشای ئەم ئومەتەیە چونکە چوارەکەی پێش خۆی خەلیفەی پێغەمبەرایەتی بوون و ئەویش یەکەم پادشا بوو. پادشایەتییەکەی پادشایەتییەکی دەسەڵات و میهرەبانی بوو وەك لە فەرموودەدا هاتووە دەسەڵات لە پێغەمبەرایەتی و میهرەبانیدا دەبێت، دواتر خیلافەت و میهرەبانی دێت، دواتر دەسەڵاتی پادشایەتی و میهرەبانی دێت، دواتر دەسەڵاتی پادشایەتی و خۆسەپێنی دێت، دواتر دەسەڵاتێکی ستەمکارانە دێت، لەنێو دەسەڵاتی موعاویەدا میهرەبانی و نەرمونیانییەك هەبوو و موسڵمانان لێی سوودمەند بوون کە نەزانراوە دەسەڵاتی پادشایەتی لەوە باشتر بۆ موسڵمانان هەبووبێت'' (ابن تيمية، 2004، 478/4) وێڕای ئەوەی بۆ سەلماندنی شیاوێتی ئەو، دەگەڕێتەوە سەر مێژووی ئەو کەسایەتییە لە سەردەمی دەسەڵاتی (عمر بن الخطاب) دا و پێی وایە مانەوەی لە دەسەڵاتدا لە سەردەمی عومەردا بەڵگەی شیاوێتی ئەو کەسەیە (ابن تيمية، 1994، ٧٧).

ئەو پێشینەی (معاویە بن أبي سفيان) وەك هاوەڵبوونی دەکاتە بەڵگەیەك بۆ چاکتر بوونی لە ئاست هەموو دەسەڵاتدارێکی دوای خۆی، لە دیدی ئەوەوە تەنانەت لە (عمر بن عبدالعزیز) چاکترە، وتەی زانایانێکیش بە نموونە دەهێنێتەوە کە وتوویانە ''تەپوتۆزێك کە لە سەردەمی پێغەمبەردا (د.خ) چووەتە نێو لووتی (معاویە)، زۆر باشترە لە کارەکانی (عمر بن عبدالعزیز)'' (ابن تيمية، 1986، 227/6)

(ابن تيميه) هەوڵ دەدات بە وردی وەڵامی هەر تۆمەتێك بداتەوە کە لەسەر (معاويە بن أبي سفيان) هاتووەو بە بەڵگەی دەق و بەڵگەی عەقڵیش پۆزش بۆ زۆر هەڵوێستی دەهێنێتەوەو وەڵامی ئەو رەخنانەش دەداتەوە کە ئاراستەی خۆی و دەسەڵاتدارییەکەی کراونەتەوە. بۆ نموونە سەبارەت بە بڕواداریيەکەی دەڵێت '' وكان معاوية أحسن إسلاما من أبيه باتفاق أهل العلم '' ''بە کۆدەنگی زانایان موعاویە لە باوکی ئیماندارتر بووە'' (ابن تيميه، ٢٠٠٤، ٤٥٤/٤)

پاش ئەوەی خۆشەویستی بۆ (حسین بن علي) دەردەبڕێت و بە وردی قسە لەسەر دەرچوونەکەی دەکات، دواجار لە روانگەی شرۆڤەی دەقە مێژووییەکانەوە پشتیوانی دەرچوونەکەی ناکات و پێی وایە لە کاتی خۆیدا زیان بوو بۆ موسڵمانان و بۆ لەوەودواش زیانەکەی دەمێنێتەوە، ئاستی زیان و سەرئێشەکانی دواتریشی دەشوبهێنێت بە زیان و سەرئێشەکانی دوای کوشتنی (عثمان بن عفان). لە بەرامبەردا هەڵوێستەکەی حەسەنی کوڕی عەلی بەرز دەنرخێنێت و دەقی فەرمووده و بەڵگەی عەقڵی دەکاتە پشتیوانی ئەو بۆچوونەی(ابن تيمية، 1986 531/4).

هەروەها سەبارەت بە (یزید بن معاویە) ش ئەگەرچی خۆشەویستی بۆ دەرنابڕێت، بەڵام نایەوێت لە بازنەی دەسەڵاتدارێکی موسڵمان بکرێتە دەرەوەو دەڵێت ''لەگەڵ هەموو ئەو رووداوانەی کە روویاندا، هەرکەس بڵێت یەزید بێباوەڕ و لەدین هەڵگەڕاوەیە، ئەوە بوختانی بۆ کردووە، بەڵکو ئەو وەك هەموو پادشا موسڵمانەکانی

دیکە یەکێکە لە پادشایانی موسڵمانان، زۆربەی پادشاکانیش چاکە و خراپەشیان هەیە، چاکەیان گەورە و خراپەشیان گەورەیە، هەرکەس تەنها یەکێکیان بخاتەڕوو و ئەوی دی نیشان نەدات ئەوە یان نەزانە یان ستەمکار'' بە دوای ئەوەشدا کۆمەڵێك پۆزش لە رووی فەرمووودەوە بۆ یەزید دەخاتەڕوو هەتا وەك سەرکردەیەکی نەفرەتلێکراو مێژووەکەی نەخرێتەڕوو. (ابن تیمیة، 2004، 4/473-474).

بە گشتی پێی وایە سەرکردە ئومەوییەکان لەبەرئەوەی خۆیان بەهێزبوون، بە ناوی خۆیانەوە بانگدەکران و پاشگرەکانی عەزدودەولە و عیزودەولە و بەهائودین و هاوچەشنەکانیان لەگەڵدا نەبوو، بەڵام بە نەمانی ئومەوییەکان کەلێنێك لە دەسەڵاتی موسڵماناندا روویداوە کە هەتا سەردەمی خودی (ابن تیمیه)ش ئەو کەلێنە ماوەتەوە (ابن تیمیة، ١٩٨٦، ٢٣٨/٨).

بەرامبەر بەوەش رەخنەی لە هەندێ سیاسەت و کەسایەتی ئومەوییەکان هەیە، بۆ نموونە سەبارەت بە (حجاج بن یوسف الثقفي) بە کەسێکی ستەمکار وەسف دەکات و پێی وایە ناوبانگێکی زۆر خراپی بۆ ماوەتەوە (ابن تیمیة، 2019، 230/7). یان پێی وایە هەندێ جار دەسەڵاتدار ویستوویەتی رێی دروست بگرێتەبەر و رێڕەوی دەسەڵاتدارییان بەرەو چاکسازی هەنگاوی ناوە، بەڵام چواردەور و کەسانی دیار بوونەتە رێگر، نموونەش بەو گۆڕانکارییە ریشەییە دێنێتەوە کە (عمر بن عبدالعزیز) دروستی کرد و دوای ئەو (یزید بن عبدالملك) ویستی لەسەر ئەو رێڕەوە بچێت، کەچی بیست کەسایەتی دیار هاتنە لای و قەناعەتیان پێ کرد رێڕەوەکەی بگۆڕێت و بیانووی پێویستیشیان دایە دەستی (ابن تیمیة، 1986، 200/6).

سەبارەت بە ئومەوییەکانی ئەندەلوسیش، لە دیدە مەزهەبییەکەوە خوێندنەوەی بۆ دەکات و خاڵی هاوبەشی نێوان ئەوان و عەبباسییەکان دەستنیشان دەکات کە هەردوو لایان کۆك بوون لەسەر راستێتی خیلافەتی (أبوبکر) و (عمر) و (عثمان). (ابن تیمیة، 1986، 342/6)

## ٤-٢- تێڕوانینی بۆ دەوڵەتی عەبباسی (١٣٢-٦٥٦ك/ ٧٤٩-١٢٥٨ز)

ئەو زیاتر پیاهەڵدان و رەزامەندی بۆ ماوەی یەکەمی سەردەمی عەبباسی هەیە و پێی وایە لەو سەردەمەدا ئەهلی سوننە لەوپەڕی شکۆدا بون، تەنانەت هەڵسەنگاندنەکە وردتر دەکاتەوە بۆ یەکە یەکەی خەلیفەکان و خاڵی بەهێزیان دەخاتەڕوو، بۆ نموونە لە باسی خەلیفە (المتوکل) (٢٠٦-٢٤٧ك/ ٨٢٢-٨٦١ز) دا پێی وایە ئیسلام لەوپەڕی بەهێزیدا بووەو ئەهلی زیممە پابەندی ئەو مەرجانە کراون کە لە سەردەمی خەلیفە (عمر بن الخطاب) دا بۆیان دانراوە، تەنانەت خەلیفە بۆ رووخاندنی بەشێك لە کڵێساکانی مەسیحییەکان داوای فەتوای لە زانایان کردووەو ئەوانیش فەتوایان داوە، پاش ئەوەش بڕیاری کۆتایی لە ئەحمەدی کوڕی حەنبەلی سەرمەزهەبی حەنبەلییەکان ویستووەو ئەویش هەمان فەتوای داوەو خەلیفەش بڕیاری کۆتایی لەو بارەوە داوە.(ابن تیمیة، 1418هـ، 250/3) ئەهلی سوننەش لەوپەڕی بەهێزیدا بون و جەهمی و رافیزەکانیش سەرکوت کراون. بە هەمان شێوە هەڵسەنگاندن بۆ هەریەك لە خەلیفە (المعتضد) و (المهتدي) و (القادر) دەکات. (ابن تیمیة، الإنتصار، ٢٠١٩، 34-35).

لەلایەکی دیکەشەوە وەك رەخنەیەك لە بەشێك لە خەلیفەکانی دیکە لەبارەی مەئموونەوە دەدوێت و پێی وایە ژمارەیەك لە خەلیفەکان لەبەرئەوەی زانایانیان لە دەور نەبون، لەخشتە براون و موعتەزیلەکان توانیویانە لە رێی ئەو خەلیفانەوە بیروباوەڕی خۆیان بسەپێنن. بە هەمان شێوە رەخنەی توند لە خەلیفە موعتەسەمیش دەگرێت(ابن تیمیة، الجواب الصحیح، 1999، ٧٥/١، 181).

تەنانەت هەڵسەنگاندن بۆ وەزیر و کاربەدەستەکانی دیکەشیان دەکات، پێی وایە هەندێکیان دادپەروەر و چاك و بەهێز بون، هەندێکیشان لادەر و گەندەڵ بون و زێدەڕۆییان کردووە لە بەفیڕۆدانی پارە و سامان‌دا. (ابن تیمیة، جامع المسائل، 2019، 394/5) بۆ نموونە ئیبن هوبەیرە بە یەکێك لە وەزیرە سەرکەوتوو و باشەکانی عەباسییەکان دەزانێت (ابن تیمیة، الإنتصار، 2019، 36).

(ابن تیمیه) رەخنە لەو کەسایەتییانە دەگرێت کە دژ بە خەلیفەکان لە ماوەی یەکەمی عەبباسیدا هەنگاویان ناوە، تەنانەت ئەوانەش ناپەرێنێت کە پێی وایە دەکرێت کەسانی چاك و خواناس بووبن، بەڵگەش بە هەڵوێستی عائیشەی کچی (أبوبکر) و زووبەیری کوڕی عەوام و چەندێکی دی لە هاوەڵان دێنێتەوە کە هەرچەندە هاوەڵی گەورە و خوداناسیش بون، بەڵام دەستخۆشی لەو هەڵوێستەیان نەکراوە، چ جای ئەوەی دەستخۆشی لە کەسانی وەك عەبدوڵای کوڕی عەلی و ئەبوومووسلیمی خوراسانی و کەسانی دیکەی دژ بە دەسەڵاتی عەباسییەکان بکرێت. (ابن تیمیة، 1986، 528/4)

پێی وایە عەبباسییەکان لە قۆناغەکانی دواتردا بە هۆی داهێنانی پۆستی جیاجیای وەك وەزیر و میری میران و هۆکاری دیکەش لاواز بوون و هەرجارە و دەسەڵاتێك زاڵ بووە بەسەریاندا و خەلیفەکان بە لاوازی ماونەتەوە، نموونەی ئەوەش بە هاتنی بوەیهییەکان و دواتر سەلجووقییەکان دەخاتەڕوو کە چۆن دەسەڵاتی خیلافەتی عەبباسی لاواز بووە، تەنانەت دەسەڵاتی ناوچەیی پەیدا بون کە تەنها لە دراو و ناوهێنانی خەلیفە و چەند هێمایەکی تردا پەیوەندییان بە خیلافەتی عەبباسییەوە هەبووەو لە پرسە گرنگەکانی جەنگ و دەسەڵاتداری و کۆکردنەوەی داهاتەکاندا سەربەخۆیانە بڕیاریان داوە. بەڵام هەرکات وەزیرێکی عەبباسی بەهێز بوبێت توانیویەتی شکۆ بۆ خیلافەتی عەبباسیش بگێڕێتەوە، نموونەی ئەوەش بە وەزارەتەکەی ئیبن هوبەیرە دەهێنێتەوە. لەو بارەوە نووسیویەتی ''حدثَتْ دولةُ بني بُويه الأعاجم، وغَلبوا على الخلافة، وازداد الأمرُ عما كان عليه، وبقُوا قريبًا من مئةِ عام إلى بعد المئة الرابعة بنحو من ثلاثين سنة أو نحوها حدثت دولة السلاجقة الأتراك، وغلبوا على الخلافة أيضًا. وكان أحيانا تقوى دولةُ بني العباس بحسن تدبير وزرائهم -كما جرى في وزارة ابن هبيرة- بما يفعلونه من العدل واتباع الشريعة'' ''دەوڵەتی بوەیهییە ناعەرەبەکان هات و زاڵبوون بەسەر خیلافەتدا و بارودۆخەکە لەوەی پێش خۆی خراپتر بوو و ماوەی نزیکەی سەد ساڵ هەتا نزیکەی چوارسەد و سی و دەوروبەری مانەوە ئینجا دەوڵەتی سەلجووقییە تورکەکان هات و ئەوانیش زاڵ بوون بەسەر خیلافەتدا. هەندێ جار دەوڵەتی عەبباسییەکان بەهۆی کارزانی وەزیرەکانیانەوە بەهێز دەبوو وەك ئەوەی لە وەزارەتەکەی ئیبن هوبەیرەدا روویدا، چونکە ئەو وەزیرانە داپەروەری و پەیڕەوی شەریعەتیان هەبوو'' (ابن تیمیة، جامع المسائل، 2019، 393/5-394).

لە چەندین شوێندا رەخنە لەو دەقانە دەگرێت کە سەبارەت بە مێژووی عەباسییەکان تۆمار کراون و وەڵامی دووروودرێژیان دەداتەوە، هەندێ جار گێڕانەوەکان بە ناڕاست دەزانێت و هەندێ جاریش قسەی لەسەر دیوی ئەرێنی و نەرێنی و شێوازی مامەڵەکەکردنە لەگەڵ گێڕانەوەکاندا. (ابن تیمیة، 1426هـ، 263-264)

هاوکات سەبارەت بە رووخانی دەوڵەتی عەبباسیش دواوەو پێی وایە هۆکارێکی سەرەکی لەناوبردنی دەوڵەتی عەبباسی، دەستتێکەڵکردنی شیعەکان بوو لەگەڵ مەغۆلەکاندا. (ابن تیمیة، 1416هـ، 115) بۆیە تۆمەتباریان دەکات بە پشتیوانییان بۆ هەریەك لە جەنگیزخان و هۆلاکۆی کوڕەزاشی و نموونەش بە ئیبنولعەلقەمی وەزیری عەباسییەکان دەهێنێتەوە کە کەسێکی شیعە بوو. بە چەشنێك ئەو حاڵەتە بە رەخنەیەکی تایبەت بە شیعەکان بەرامبەر بە موسڵمانان دەخاتەڕوو، پێی وایە خەواریجیش نەگەیشتوونەتە ئاستی ئەوان، چونکە پێی وایە خەواریج لە ناوخۆدا لە موسڵمانانیان

دەکوشت، بەڵام لەگەڵ ناموسڵماناندا دژ بە دەوڵەت و دەسەڵاتە ئیسلامییەکان دەستیان تێکەڵنەکردووە. کۆتا نموونەی ئەو هەڵوێستەشیان بۆ سەردەمی خۆی دەگێڕێتەوە کاتێك شیعەکان لەگەڵ غازانی خانی مەغۆلیدا دەستیان تێکەڵکردووە بۆ شکاندنی دەسەڵاتی موسڵمانان(ابن تيمية، 1986، 5/155-159)

سەبارەت بە ماوەکانی کۆتایی سەردەمی عەبباسی ئاماژە دەدات بە لاوازی دەسەڵاتی خەلیفە و پەرتبوونی دەسەڵاتەکان و بڵاوبوونەوەی ستەم و پەرتەوازەیی لە ناوچەکانی دەسەڵات و هاتنی هێرشی دەرەکیی وەك مەغۆلەکان لە ڕۆژهەڵاتەوەو دەسەڵاتە مەسیحی و خاچییەکان لە میسر و ناوچەکانی دیکە (ابن تيمية، جامع المسائل، 2019، 396/5).

### ٥-٢ تێڕوانینی بۆ دەوڵەتی فاتیمی (297-567ك/ 910-1171ز)

(ابن تيمية) دیدێکی نەرێنی بۆ دەوڵەتی فاتیمی هەیە، هۆکارەکەشی ئەوەیە کە ئەوان شیعە مەزهەب بوون، سەبارەت بە دیدی ئەو بەرامبەر بە فاتیمییەکان :

پێی وایە فاتیمییەکان لە سەرەتاوە فێڵیان لە دەستنیشانکردنی ڕەچەڵەکی خۆیاندا کردووەو بۆ پیرۆزیدان بە خۆیان هەوڵیانداوە خۆیان وەك ئالوبەیتی پێغەمبەر (د.خ) بسەلمێنن، لەکاتێکدا ئەوان ڕەچەڵەکیان دەگەڕێتەوە سەر جوولەکەکان و لە رووی ئایینداریشەوە زۆر لە جوولەکە و مەسیحییەکان دوورترن لە ئایینی ئیسلامەوە. (ابن تيمية، 2004، 483/28).

ئەوان تۆمەتبار دەکات بەوەی سەرەتای دژایەتی سێ خەلیفەی راشیدیی یەکەم ((أبوبكر) و (عمر) و (عثمان) لەسەر دەستی ئەوان دەستیپێکرد، ئەگەرنا پێشتر لەناو موسڵماناندا شتی وا بوونی نەبووە. (ابن تيمية، 1986، 342/6)

پێی وایە ئەوان هێندە توند بوون لە دژایەتیکردنی ئەهلی سوننەدا کە خەڵاتیان داناوە بۆ جنێودان بە هاوەڵانی پێغەمبەر، هەر کەسێکیش فەرموودەیەکی پێغەمبەری خودای بگێڕایەتەوە دەکوژرا، بۆ ئەوەش بەڵگەی مێژوویی دەهێنێتەوە (ابن تيمية، ٢٠٠٤، 138/35).

پێی وایە مەزهەبە شیعییەکانی دیکەش فاتیمییەکانیان بە موسڵمان نەزانیوە و لە بازنەی دەرەوەی ئیسلامدا مامەڵەیان لەگەڵدا کردوون (ابن تيمية، 1416هـ، 105).

هەروەها فاتیمییەکان تۆمەتبار دەکات بە ئیلحاد و دژایەتی خودا و پێغەمبەر و هەڵگەڕانەوە لە ئیسلام و دووڕوویی. (ابن تيمية، 1986، 101/4)

تەنانەت بەراوردیان دەکات بە هەموو ئەو دەسەڵاتە ئیسلامییانەی پێشووتر کە لە هاشمییەکان یاخود ئومەوییەکان بون و پێی وایە هیچ کەس وەك ئەوان دژایەتی ئیسلامی نەکردووە (ابن تيمية، 2004، 131/35).

ئەوان تۆمەتبار دەکات بەوەی دەسەڵاتیان بە کەسە ناموسڵمانە جوولەکە و مەسیحییەکان داوەو ئەوەش هۆکار بووە هەتا ئایینەکەیان بڵاوبکەنەوە، لە بەرامبەردا دژایەتی توندی مەزهەبی سوننەیان کردووە. هاوکات بڕوای وایە لە سەردەمی ئەواندا بەشێك لە خاکی موسڵمانان کەوتۆتە دەست خاچییەکان و نەیانتوانیوە ئەو ناوچانە بپارێزن (ابن تيمية، 1416هـ، 117).

## ٣- تێڕوانینی بۆ دەوڵەت و دەسەڵاتەکانی دی

### ٣-١ تێڕوانینی بۆ بوەیهی و باتینییەکان

(ابن تيمية) بەراوردی نێوان خەلیفەکانی عەبباسی و دەسەڵاتدارانی بوەیهی (334-447ك/ 945-1055ز) دەکات و ئەوان بە زۆر باش و بوەیهییەکان بە خراپ و لادەر پێناس دەکات. پێی وایە لە سەردەمی دەسەڵاتی بوەیهییەکاندا ڕەوتی لادەر و کەسانی لە دین دەرچوو و مەزهەبە لادەرەکانی وەك موعتەزیلە و رافیزە و جگە لەوانیش بە فراوانی بڵاوبوونەتەوەو لە بەرامبەر ئەواندا ئەهلی سوننە زۆر لاواز بون. تەنانەت مەسیحییەکانیش سوودیان لە دەسەڵاتداریێتی بوەیهییەکان وەرگرتووەو هەندێ ناوچەی سەرسنووری موسڵمانانیان گرتووە. (ابن تيمية، 2019/ 35)

ئەو بوەیهییەکان بە کەسانی زندیق و لادەر وەسف دەکات و تۆمەتباریان دەکات بە دروستکردنی هێمای مەزهەبیی وەك دەستنیشانی گۆڕێك لە نەجەف بە ناوی گۆڕی عەلی کوڕی ئەبووتالیبەوە. یاخود زەقکردنەوەی ڕێوڕەسمە شیعییەکانی وەك لەخۆدانی عاشوورا و نانەوەی پشێوی لە بەغداد. (ابن تيمية، رأس الحسين، ١٩٦).

هاوکات ئاماژە بە هەندێ دەسەڵاتداری ناوچەیی باتینییەکان دەدات، بۆ نموونە باسی سینانی سەرکردەی باتینییەکان دەکات و بە بەرپرسی قەڵاکەیان لە شام باسیکردووەو ئاماژەی بە بڕیار و فەتواکانیشی داوە. بۆ نموونە دەڵێت '' وَلِهَذَا كَانَ أَئِمَّتُهُمْ فِي الْبَاطِنِ فَلَاسِفَةً، كَالنَّصِيرِ الطُّوسِيِّ هَذَا، وَكَسِنَانٍ الْبَصْرِيِّ الَّذِي كَانَ بِحُصُونِهِمْ بِالشَّامِ، وَكَانَ يَقُولُ: قَدْ رَفَعْتُ عَنْهُمُ الصَّوْمَ وَالصَّلَاةَ وَالْحَجَّ وَالزَّكَاةَ'' ''پێشەواکانیان لە باتینیەتدا فەیلەسووف بوون وەك نەسیری تووسی و سینانی بەسری کە لە قەڵای باتینیەکان بوو لە شام و دەیوت: من ڕۆژوو و نوێژ و حەج و زەکاتم لەسەر ئەوان-باتینییەکان- هەڵگرتووە '' (ابن تيميه، ١٩٨٦، ٤٥٤/٣).

(ابن تيميه) پێی وابوو قەرمەتی و باتینییەکان بۆ موسڵمانان و دەسەڵاتی ئیسلامی، لە رووی بیروباوەڕییەوە زۆر لە جوولەکە و مەسیحییەکان خراپترن، لە رووی دەسەڵات و پێگەشەوە زۆر لە خاچییەکان و مەغۆلەکان مەترسیدارترن بۆ سەر موسڵمانان، تەنانەت پێی وایە هۆکاری لەدەستدانی ناوچەکانی شام و قودسیش بەهۆی ئەوانەوە بووە، واتە هاتنی خاچییەکان بۆ ناوچەکانی شام و سەرکەوتنیان بە دەستی ئەوان دەزانێت، دژایەتی دووەمیشیان بە هێنانی مەغۆلەکان و دەست تێکەڵکردن لەگەڵیان بۆ لەناوبردنی خیلافەتی عەبباسی دەزانێت (النويري، 2004، 32-268-270).

### ٣-٢- تێڕوانینی بۆ سەلجووقییەکان (429-704ك/ 1037 - 1304ز)

(ابن تيميه) سەلجووقییەکان بە پادشایانی موسڵمان و کەسانی سەر بە مەزهەبی ئەهلی سوننە دەناسێنێت و بە هۆکاری ڕزگاربوون دەزانێت کە توانیویانە دەسەڵاتی شیعە بوەیهییەکان لەناوببەن. (ابن تيمية، 2004، 138/35)

بڕوای وایە سەلجووقییەکان لە سەرەتای دەسەڵاتیاندا وابەستەی ئەهلی سوننە بوون و هەڵوێستی توندیان بەرامبەر بە مەزهەبەکانی دەرەوەی ئەهلی سوننە هەبووە. بەڵام دواتر ئەو هەڵوێستەیان نەماوەتەوە (ابن تيمية، 2019، 23) ئاماژە بە ڕۆڵی (طغرلبك) (385-455ك/ 995-1063ز) دەدات لە سەرخستنی مەزهەبی سوننە لە دەوڵەتەکەیدا و دژایەتیکردنی مەزهەبەکانی دیکە بە چەشنێك دەرفەتی وەزیرە موعتەزیلیەکەشی نەداوە بەربەست بخاتە بەردەم ئەو هەنگاوەی (ابن تيمية، التسعينية، 1999، 1003/3). هەروەها ئولب ئەرسەلان بە نموونە دێنێتەوە کە فەرمانی کردووە لەسەر مینبەرەکان نەفرەتی بیدعەکاران بکرێت (ابن تيمية، 1406هـ، 162/2).

دواتر بە تایبەت باسی وەزارەتەکەی (نظام الملك) ی سەلجووقی (م 485ك/ 1092ز) دەکات و پێی وایە خوێندنگەی زۆری دامەزراندووەو شوێنی تایبەت بۆ مانەوەی هەژارانیشی تەرخانکردووە.(ابن تيمية، 2004، 41/35)

ئاماژە بەو گۆڕانکارییە گەورەیە دەدات کە لە لە سەردەمی سەلجووقییەکاندا لە مەیدانی زانستیدا روویدا، ئەویش بنیادنانی خوێندنگە نیزامییەکان بوو لە سەروبەندی ساڵانی شەستەکانی سەدەی پێنجەمی کۆچیدا (ابن تيمية، 1986، 129/4).

### ٣-٣ تێڕوانینی بۆ زەنگییەکان (521-630ك/ 1127-1233ز)

(ابن تيميه) بە سەرسامییەوە باسی سەردەمی زەنگییەکان دەکات و ناوچەی دەسەڵاتیان بە وڵاتی شام دەناسێنێت و پێی وایە لە سەردەمی ئەواندا ئەهلی سوننە سەرخراوەو بێباوەڕان تووشی شکست کراون و گورزی کوشندەش بەر مەزهەبەکانی دیکەی جیا لە مەزهەبی ئەهلی سوننە کەوتووە. (ابن تيمية، 2019، 36) تەنانەت لە وەسفی نوورەدین زەنگیدا دەگاتە ئەو ئاستەی بە شارەزاترین کەس لە بواری جیهاددا لە قەڵەمدەدات و پێی وایە پاش زاڵبوونی هەریەك لە خاچییەکان و قەرمەتییەکان، ئەو بووە شکۆی ئیسلامی گێڕاوەتەوە (ابن تيمية، 2004، 60/32).

هاوکات دەسەڵاتەکەی نوورەدین زەنگی بە دەسەڵاتێکی شوێنکەوتەی شەریعەت وەسف دەکات و پێی وایە بەشێکی زۆر لەو یاسا و بنەمایانەی لەکارخستووە کە لەگەڵ شەریعەتدا نەگونجاون، لە نموونەی ئەوانە ئەو خەرجییە سوڵتانیانەی کە لەو سەردەمەدا باو بون و لەگەڵ شەریعەتدا نەگونجاون (ابن تيمية، جامع المسائل، 2019، 394/5).

### ٣-٤- تێڕوانینی بۆ ئەیووبییەکان (569-661ك/ 1174-1263ز)

(ابن تيميه) بە شێوەیەکی گشتی بە چاوی ڕەزامەندی و سەرسامییەوە دەڕوانێتە ئەیووبییەکان، سەرسامییەکەشی بەوان لەم روانگانەوەیە:

ئەوان بوون دەوڵەتی فاتیمیی شیعە مەزهەبیان لەناوبرد و مەزهەبی سوننەیان لە شوێن و ناوچەی دەسەڵاتی ئەواندا چەسپاند (ابن تيمية، 2004، 637/28-638).

لەو بارەیەوە نووسیویەتی: "ڕافیزەکان لەگەڵ مەسیحییەکان دەستیان تێکەڵ کرد و داوایان کرد جەنگی جەنگاوەرە موجاهیدە موسڵمانەکان بکەن و چەند ڕووداوێك ڕوویاندا کە خەڵکی دەیانزانن؛ هەتا سەڵاحەدین شاوری کوشت، ئیدی لەو کاتەوە پەیامی ئیسلام و سوننە و جەماعەت لەو وڵاتەدا سەرکەوت و تێیدا فەرموودەکانی پێغەمبەر (د.خ) وەك بوخاری و موسلیم و هاوشێوەکانیان دەخوێنران و تێیدا باسی مەزهەبی پێشەواکان دەکرا و ڕەزامەندی خودا لە پەنا ناوی خەلیفەکانی ڕاشیدیندا دەوترا" (ابن تيمية، 2004، 637/28-638).

ئەوان بوون قودسیان لە دەست خاچییەکان وەرگرتەوەو ناوچەیەکی بەرفراوانی خاکی شامیان گێڕایەوە بەردەستی موسڵمانان.

ئەیووبییەکان لە بەڕێوەبردنی وڵاتدا پشتیان بە ناموسڵمانان نەبەست و ئەوانیان لە جومگە هەستیارەکاندا دانەدەنا، لەو بارەیەوە دەڵێت ''سەڵاحەدین و بنەماڵەکەی هەواداری مەسیحییەکان نەبوون و لە ئیشوکاری موسڵماناندا بە هیچ جۆرێك هیچکام لەوانیان بەکارنەدەهێنان، ئەمەش هۆکار بوو پاڵپشتکراو و سەرخراو بن بەسەر دوژمندا؛ هەرچەندە ماڵ و سامان و ژمارەشیان کەم بێت، بەڵکوو هێز و شکۆی مەسیحییەکان و تەتارەکان دوای مەرگی عادلی برای سەڵاحەدین بەهێز بوو '' (ابن تيمية، 2004، 637/28-638).

ئەو پێی وایە بەشێك لە دەسەڵاتدارانی موسڵمانان لایانداوەو پابەندی شەریعەت نەبون، بەشێکیشیان پەیڕەوی شەریعەت و جیهاد و دادپەروەرییان کردووە، وەك نوورەدینی زەنگی و سەلاحەدینی ئەیووبی، تەنانەت لە وەسفی سەلاحەدیندا دەڵێت ''پادشای موسڵمانی وا کە فەرمانی خودا و پێغەمبەرەکەی بەرز رادەگرت وەك سەلاحەدینی ئەیووبی'' (ابن تيمية، جامع المسائل، 2019، 394/5)

### ٣-٥- تێڕوانینی بۆ مەملووکییەکان (648-923ك/ 1250-1517ز)

دیدی ئیبن تیەیمییە بۆ دەوڵەتی مەملووکی هێندەی لە هەڵوێست و هەنگاوە کردەییەکانیدا هەڵدەهێنجرێت، هێندە لەنێو دەقی نووسینەکانیەوە مامەڵەی لەگەڵ ناکرێت، چونکە ئەو لە سەردەمی مەملووکییەکاندا ژیاوەو بە کردەیی هەڵوێست و دیدی خۆی بەرامبەر ئەو دەوڵەتە نیشانداوە، دەکرێت پوختەی دیدی (ابن تيميه) بەرامبەر بە دەوڵەتی مەملووکی لە چەند خاڵێکدا بخەینەڕوو:

(ابن تيميه) دەوڵەتی مەملووکی وەك دەوڵەتێکی ئیسلامیی تەماشا دەکرد و سەرکردەکانی بە سەرگەورەی موسڵمانان دەزانی و نە خۆی ئامادەیی ئەوەی هەبوو لە دژیان ڕاپەڕێت، نە خەڵکیشی بۆ هاندەدا، بۆیە هەرچەندە چەندجارێك بە دەستی ئەوان بەند کرا، بەڵام ئامادەیی ئەوەی نەبوو فەتوایەکیشیان لە دژ بدات ( ابن حجر، ١٩٧٢، 1/١٦٨-١٦٩).

ئەو پابەندی بڕیارەکانی دەسەڵاتی مەملووکی بوو تەنانەت ئەگەر پێچەوانەی بەرژەوەندیی خۆیشی بوایە، بۆ نموونە دەبینین کاتێك لە میسرەوە پەیامی دەسەڵاتداری مەملووکی دەنێردرێت هەتا (ابن تيميه) ببرێتە میسر و لەوێ دادگایی بکرێت، ئەم خۆی ڕۆیشت و هیچ نکووڵییەکی نەنواند ( ابن حجر، ١٩٧٢، 1/١٦٨-١٦٩).

ئەم زانایە پەیوەندی لەگەڵ سەرکردەکانی مەملووکیدا هەبوو، چ وەك سەردان، چ لە ڕێی ناردنی نامەوە بۆیان، بەتایبەت لەو پرس و بابەتانەی پەیوەست بوون بە بەرنگاربوونەوەی مەغۆلەکانەوە (محمد براء ياسين، ٢٠٢٠، ١٠٩).

هاوکات دژ بەو هەوڵ و هەنگاوانەی هەر کەس و ناوچەیەك دەوەستایەوە کە پشتیوانی هێزی دەرەکی بوونایە دژ بە دەوڵەتی مەملووکی، نموونەی ئەوەش هێرشی خۆی و هەوادارەکانی بوو بۆ سەر خەڵکی کیسرەوان کاتێك ملکەچی دەسەڵاتی مەملووکی نەبوون و لەگەڵ مەغۆلەکاندا نەرمییان نواندبوو (ابن كثير، 1997، 730/17).

(ابن تيميه) لە پاراستنی دەسەڵاتی مەملووکییەکان بەرامبەر بە مەغۆلەکان ڕۆڵی کارای هەبوو و جەماوەرێکی زۆریش لەژێر کاریگەری ئەودا و بە ئاڕاستەی ڕاستەوخۆی ئەم زانایە دەچوونە نێو خولگەی بەرگریی لە دەوڵەتی مەملووکی. واتە لە جەنگ و بەرنگاربوونەوەکانی دوژمنانی دەوڵەتی مەملووکیدا بەشداری دەکرد و خەڵکیشی بۆ هاندەدا (علم الدين البرزالي، ٢٠٠٦، ٧/٣)، تەنانەت هەندێ جار خۆی بە تایبەت دەچوویە لای سەرکردە مەملووکییەکان و هانی دەدان بۆ جەنگی نەیارەکانیان (الحسامي، 2006، 192-193). هاوکات ئامادەیی ئەوەی نەبوو هیچ پۆست و دەستکرۆیی و خەڵاتێك بەرامبەر بەو هەڵوێستانەی وەربگرێت (ابن فضل الله العمري، 2010، ٦٩٨/٥).

لەو بابەتانەی پێی وابوو هەڵوێست و هەنگاوی دەوڵەتی مەملووکی لادانە لە بنەماکانی شەریعەت، هیچ پشتیوانییەکی نەدەکردن، بەڵکو هەنگاوی دژی بەرامبەر بەو هەڵوێست و دیاردانە نیشان دەدا، (دونالد ب. ليتل، ٢٠١٩، ٨). بۆ نموونە لە ساڵی (٦٩٩ك/ ١٢٩٩ز) دا هاودەم بە ژمارەیەك لە هەوادارانی لە دیمەشقدا هەڵیانکوتایە سەر مەیخانەکان و تێکیاندان و سزای فرۆشیارەکانیشان دا (علم الدين البرزالى، ٢٠٠٦، ٧٣/٣).

### ٣- ٦- تێڕوانینی بۆ چەند دەسەڵاتێکی ناوچەیی

(ابن تيميه) لە چەند شوێنی جیاوازدا بە کورتی باسی هەندێ لە دەسەڵاتی دیکە کردووەو هەڵسەنگاندنی خۆی لە بارەیانەوە خستۆتەڕوو، بۆ نموونە لە باسی غەزنەوییەکاندا بە دەسەڵاتێکی ئیسلامیی باش و سەرخەری ئیسلام و موسڵمانان وەسفیان دەکات و پێی وایە ئەوان جەنگی بێباوەڕانی هێندیان کردووەو لە دەسەڵاتەکەشیاندا سیستمێکی دادپەروەییان پەیڕەو کردووە. وێڕای ئەوەی لە سەردەمی

دەسەڵاتی مەحموودی کوڕی سوبوکتیکیندا دەوڵەتەکە وابەستەییەکی زۆری بۆ مەزهەبی ئەهلی سوننە هەبووەو دژایەتی سەرسەختانەی بۆ مەزهەبەکانی دیکە نواندووە (ابن تيمية، الإنتصار، ٢٠١٩، 23، 35).

له چەند شوێنی جیاوازیشدا ئاماژە بە دەسەڵاتی دەوڵەتی موەحیدین دەدات کە ئیبن تۆمەرت دامەزرێنەرەکەی بووەو مێژووی دامەزرانی و پەیام و بانگەشەی دەرکەوتنی دەخاتەڕوو کە گوایە بانگەشەی ئەوەی کردووە لە نەوەی پێغەمبەری خودایە (د.خ) و بەڵێنی داوە دادپەروەری لە ناوچەکانی دەسەڵاتیدا بچەسپێنێت، دواتریش هەڵسەنگاندن بۆ ئەنجامەکەی دەکات و دەڵێت ''زەوی پڕ نەکرد لە دادپەروەری، بەڵکو هەندێ کار و کردەوەی نەشیاوی ئەنجامدا و هەندێ کاری باشیشی هەبوو'' (ابن تيمية، ١٩٨٦، ٩٩/٤) باس لەو بانگەشە نارەوایە دەکات کە ئیبن تۆمەرت خۆی وەك مەهدی چاوەڕوانکراوی ناو دەقەکانی فەرموودە نیشانداوەو چەندین هەنگاو و پلانی هەبووە هەتا بیسەلمێنێت ئەم هەمان ئەو مەهدییەیە کە لە فەرموودەدا موژدەی هاتنی دراوە (ابن تيميه، ٢٠٠٤، ٤٧٧/١١).

## ئەنجام

(ابن تيميه) یەکێکە لە زانا موسڵمانەکانی نێو سەدەکانی ناوەڕاست کە لە سەردەمی خۆی و دوای خۆیشی کاریگەرییەکی کارای لە نێو کۆمەڵگەی موسڵمانان و لە ئاست دەسەڵاتە جیاوازەکانیشدا هەبووە، سەدەی بیستەم و بیست و یەکەمیش کاریگەری هزری ئەو کەسایەتییە لەناو موسڵماناندا گەیشتە ئاستێکی بەرز و هەتا ئەمڕۆ بەردەوامە.

(ابن تيميه) سەرچاوەی مەعریفی لە دەقەکانی ئایینەوە وەرگرتووەو لەو روانگەشەوە خوێندنەوەی بۆ پرسەکان کردووە، هاوکات وێڕای دەقە ئایینییەکان، پشتی بە خوێندنەوە عەقڵییەکان بەستووەو هەوڵیداوە لە رووە ئایینییەکەوە بە پێناو و شێوازی جیاواز خوێندنەوە بۆ رووداوە مێژووییەکان بکات.

ئەم کەسایەتییە لە زۆر پرسی مێژوویدا قسەی کردووە، لەو میانەشدا بەشێکی بەرچاوی خوێندنەوەکانی بۆ دەسەڵات و دەوڵەتەکانی ناو مێژووی ئیسلامی بووە، چ دەسەڵات و دەوڵەتە گەورەکانی وەك خیلافەتی راشیدی و دەوڵەتی ئومەوی و دەوڵەتی عەبباسی و دەوڵەتی فاتیمی، چ دەسەڵاتە دیارەکانی وەك زەنگییەکان و ئەیووبی و مەملوکییەکان، چ دەسەڵاتە ناوچەییەکانی وەك غەزنەوییەکان، زیاتر هەڵسەنگاندنی ئایینی کردووە و هەندێ جار لەوەش وردتر دواوەو لە دیدی مەزهەبییەوە هەڵسەنگاندنی بۆ کردون.

(ابن تيميه) بۆ هەندێ پرس و تاوی مێژووی ئیسلامی نووسینی تایبەتی هەبووە، وەك کتێبی ''رأس الحسين'' یان ''منهاج السنة النبوية''کە زیاتر خوێندنەوەی مەزهەبی بۆ دەسەڵات و دەوڵەتە ئیسلامییەکان کردووە، بەڵام باسی دەسەڵات و دەوڵەتەکانی لە نووسینە جیاوازەکانی دیکەدا لە پەراوێزی بابەتە ئایینییەکاندا خستۆتەڕوو.

ئیبن تەیمیە بە دیدی سەرسامی و رازیبوون لە ماوەی خیلافەتی راشیدین دەڕوانێت، سەردەمی ئومەوی و ماوەی یەکەمی سەردەمی عەبباسییەکان بە سەردەمی گەشاوەو سەرکەوتنی موسڵمانان وەسف دەکات، بەڵام سەردەمەکانی دیکەی عەبباسی بە سەردەمی لاوازی و پەرتی دەناسێنێت. لەو نێوەندەدا دەسەڵاتە شیعەکان بە هۆکارێکی گەورەی ئەو لاوازی و پەرتبیانە دەزانێت و دەسەڵاتە سوننیە ناوچەییەکانی وەك زەنگییەکان و ئەیووبییەکان بە تیمارێك بۆ ئەو حاڵەتە وێنا دەکات. سەردەمی مەملووکیش بە درێژەپێدەری ئەو چارەسەر دەزانێت.

بە شێوەیەکی گشتی دید و تێڕوانینی ئیبن تەیمیە بۆ مێژووی ئیسلامی و دەوڵەت و دەسەڵاتەکانی ئەو ماوە مێژووییە، لە بازنەی ئەو تێڕوانینەدا دەرناچێت کە ئەهلی سوننە وەك مەزهەبی زاڵ و دەسەڵاتداری ناو مێژووی ئیسلامی هەیبووە.

## سەرچاوەکان

### المصادر العربية


البخاري، أبو عبد الله، محمد بن إسماعيل بن إبراهيم (ت: 256هـ/ 869م). (1993م). صحيح البخاري. تحقيق: د. مصطفى ديب البغا. ط5، دار ابن كثير، دمشق، سوريا.

علم الدين البرزالي، علم الدين أبو محمد القاسم بن محمد بن يوسف البرزالي الإشبيلي الدمشقي (ت 739 هـ / 1338م). (2006م). المقتفي على كتاب الروضتين، تحقيق: عمر عبد السلام تدمري، ط1، المكتبه العصرية، بيروت، لبنان.

ابن تيمية، تقي الدين أبو العباس أحمد بن عبد الحليم بن عبد السلام: (ت: ٧٢٨هـ/ ١٣٢٧م) (2019م). الإنتصار لأهل الأثر، تحقيق: عبد الرحمن بن حسن قائد، ط1، دار عطاءات العلم، الرياض، السعودية - دار ابن حزم، بيروت، لبنان.

ابن تيمية، تقي الدين أبو العباس أحمد بن عبد الحليم بن عبد السلام: (ت: ٧٢٨هـ/ ١٣٢٧م) (1426هـ). الإستغاثة في الرد على البكري، تحقيق: د. عبد الله بن دجين السهلي، ط1، مكتبة دار المنهاج للنشر والتوزيع، الرياض - المملكة العربية السعودية.

ابن تيمية، تقي الدين أبو العباس أحمد بن عبد الحليم بن عبد السلام: (ت: ٧٢٨هـ/ ١٣٢٧م) (١٩٩٩م). التسعينية، تحقيق: محمد بن إبراهيم العجلان، ط1، مكتبة المعارف للنشر والتوزيع، الرياض، المملكة العربية السعودية.

ابن تيمية، تقي الدين أبو العباس أحمد بن عبد الحليم بن عبد السلام: (ت: ٧٢٨هـ/ ١٣٢٧م) (1404هـ). دقائق التفسير، تحقيق: د. محمد السيد الجليند، ط2، مؤسسة علوم القرآن – دمشق، سوريا.

ابن تيمية، تقي الدين أبو العباس أحمد بن عبد الحليم بن عبد السلام: (ت: ٧٢٨هـ/ ١٣٢٧م) (2019م). جامع المسائل، تحقيق: محمد عزيز شمس وآخرون، ط2، دار عطاءات العلم، الرياض، السعودية - دار ابن حزم، بيروت، لبنان.

ابن تيمية، تقي الدين أبو العباس أحمد بن عبد الحليم بن عبد السلام: (ت: ٧٢٨هـ/ ١٣٢٧م) (١٩٩٩م). الجواب الصحيح لمن بدل دين المسيح، تحقيق: علي بن حسن و آخرون، ط2، دار العاصمة، المملكة العربية السعودية.

ابن تيمية، تقي الدين أبو العباس أحمد بن عبد الحليم بن عبد السلام: (ت: ٧٢٨هـ/ ١٣٢٧م) (1994م) الخلافة والملك، تحقيق: حماد سلامة، ط2، مكتبة المنار، الزرقاء، الأردن.

ابن تيمية، تقي الدين أبو العباس أحمد بن عبد الحليم بن عبد السلام: (ت: ٧٢٨هـ/ ١٣٢٧م) رأس الحسين، تحقيق: الدكتور السيد الجميلي، المكتبة الشاملة.

ابن تيمية، تقي الدين أبو العباس أحمد بن عبد الحليم بن عبد السلام: (ت: ٧٢٨هـ/ ١٣٢٧م) (1995م). الرد على من قال بفناء الجنة والنار وبيان الأقوال في ذلك، تحقيق: محمد بن عبد الله السمهري، ط1، دار بلنسية، الرياض، المملكة العربية السعودية.

ابن تيمية، تقي الدين أبو العباس أحمد بن عبد الحليم بن عبد السلام: (ت: ٧٢٨هـ/ ١٣٢٧م) (1418هـ). السياسة الشرعية في إصلاح الراعي والرعية، ط1، وزارة الشئون الإسلامية والأوقاف والدعوة والإرشاد، المملكة العربية السعودية.

ابن تيمية، تقي الدين أبو العباس أحمد بن عبد الحليم بن عبد السلام: (ت: ٧٢٨هـ/ ١٣٢٧م) (1425هـ). شرح العقيدة الأصفهانية، تحقيق: محمد بن رياض الأحمد، ط1، المكتبة العصرية، بيروت، لبنان.

ابن تيمية، تقي الدين أبو العباس أحمد بن عبد الحليم بن عبد السلام: (ت: ٧٢٨هـ/ ١٣٢٧م) (1406هـ). الصفدية، تحقيق: محمد رشاد سالم، ط2، مكتية ابن تيمية، مصر.

ابن تيمية، تقي الدين أبو العباس أحمد بن عبد الحليم بن عبد السلام: (ت: ٧٢٨هـ/ ١٣٢٧م) (٢٠٠٤م). مجموع الفتاوى، مجمع الملك فهد لطباعة المصحف الشريف، المدينة المنورة. المملكة العربية السعودية.

ابن تيمية، تقي الدين أبو العباس أحمد بن عبد الحليم بن عبد السلام: (ت: ٧٢٨هـ/ ١٣٢٧م) (1416هـ). مسألة في الكنائس، تحقيق: علي بن عبدالعزيز الشبل، ط1، مكتبة العبيكان، الرياض، المملكة العربية السعودية.

ابن تيمية، تقي الدين أبو العباس أحمد بن عبد الحليم بن عبد السلام: (ت: ٧٢٨هـ/ ١٣٢٧م) (1418هـ). المستدرك على مجموع الفتاوى، جمعه ورتبه وطبعه على نفقته: محمد بن عبد الرحمن بن قاسم، ط1.

ابن تيمية، تقي الدين أبو العباس أحمد بن عبد الحليم بن عبد السلام: (ت: ٧٢٨هـ/ ١٣٢٧م) (1986م). منهاج السنة النبوية، تحقيق: محمد رشاد سالم، ط1، جامعة الإمام محمد بن سعود الإسلامية، الرياض، المملكة العربية السعودية.

ابن تيمية، تقي الدين أبو العباس أحمد بن عبد الحليم بن عبد السلام: (ت: ٧٢٨هـ/ ١٣٢٧م) (2000م). النبوات، تحقيق: عبد العزيز بن صالح الطويان، ط1، أضواء السلف، الرياض، المملكة العربية السعودية.

الحافظ العراقي، زين الدين عبد الرحيم بن الحسين العراقي (ت 806 هـ/ م) (2018م). الوفيات، ط1، دار الذخائر، مصر.

ابن حجر العسقلاني، أبو الفضل أحمد بن علي بن محمد بن أحمد (ت: ٨٥٢هـ/ ١٤٤٨م) (١٩٧٢م). الدرر الكامنة في أعيان المائة الثامنة، ط2، دائرة المعارف العثمانية بحيدر آباد الدكن، الهند.

أبوداود، سليمان بن الأشعث بن إسحاق الأزدي السجستاني (275هـ/ 888م) (2009م). سنن أبي داود، تحقيق: شعيب الأرنؤوط و محمدكامل قره بللي، ط1، دار الرسالة العالمية، بيروت، لبنان.

الذهبي، محمد بن أحمد بن عثمان بن قايماز: (ت: ٧٤٨ هـ/ ١٣٤٧م). (1988م). معجم الشيوخ، تحقيق: الدكتور محمد الحبيب الهيلة، ط1، مكتبة الصديق، الطائف، المملكة العربية السعودية.

الذهبي، محمد بن أحمد بن عثمان بن قايماز: (ت: ٧٤٨ هـ/ ١٣٤٧م) (١٩٨٥م). العبر في خبر من غبر، تحقيق: أبو هاجر محمد السعيد، دار الكتب العلمية، بيروت، لبنان.

الصفدي، صلاح الدين خليل بن أيبك (ت764هـ/1363م) (2000م). الوافي بالوفيات، تحقيق: أحمد الأرناؤوط و تركى مصطفى، دار أحياء التراث، بيروت، لبنان.

ابن عبدالهادي: شمس الدين محمد بن أحمد بن عبد الهادي بن يوسف الدمشقي الحنبلي (ت 744 هـ/ م) (2005م). العقود الدرية فى مناقب شيخ الأسلام ابن تيمية، اعتنى به: محمد حسن أسماعيل، ط1، دار الكتب العلمية، بيروت، لبنان.

ابن عماد الحنبلي، عبد الحي بن أحمد بن محمد ابن العماد العكري الحنبلي: (ت: ١٠٨٩هـ/ ١٦٧٨م) (١٩٨٦م). شذرات الذهب في أخبار من ذهب، تح: محمود الأرناؤوط، ط١، دار ابن كثير، دمشق ، سوريا - بيروت، لبنان.

ابن فضل الله، أحمد بن يحيى بن فضل الله القرشي: (ت ٧٤٩هـ/ ١٣٤٨م) (٢٠١٠م). مسالك الأبصار في ممالك الأمصار، تحقيق:كامل سلمان الجبوري و مهدي النجم ط١، دار الكتب العلمية، بيروت، لبنان.

ابن القيم الجوزية، أبو عبد الله محمد بن أبي بكر بن أيوب ابن قيم الجوزية (ت: 751هـ/ م) (2019م). الوابل الصيب، تحقيق: عبد الرحمن بن حسن بن قائد، دار عطاءات العلم، الرياض، السعودية - دار ابن حزم، بيروت، لبنان.

ابن كثير، أبوالفداء إسماعيل بن عمر بن كثير القرشي: (ت: ٧٧٤هـ/ ١٣٧٢م). (1997م). البداية و النهاية، تحقيق: عبد الله بن عبد المحسن التركي، ط١، دار هجر، جيزة، مصر.

الكرمي، مرعي بن يوسف (ت1033هـ/1624م) (2005م). الكواكب الدرية في مناقب شيخ الأسلام ابن تيمية، ط1، دار الكتب العلمية، بيروت، لبنان.

مسلم، مسلم بن الحجاج بن مسلم القشيري النيسابوري (ت: 261هـ/ 874م). (١٩٥٥م). صحيح مسلم، تحقيق: محمد فؤاد عبد الباقي، مطبعة عيسى البابي الحلبي وشركاه، القاهرة، مصر.

النويري، شهاب الدين أحمد بن عبدالوهاب (ت733هـ/1333م) (2004م). نهاية الأرب فى فنون الادب، تحقيق: ابراهيم شمس الدين، ط1، دار الكتب العلمية، بيروت، لبنان.

ابن الوردي، عمر بن مظفر بن عمر بن محمد ابن أبي الفوارس (ت: ٧٤٩هـ/ ١٣٤٨م) (١٩٩٦م). تاريخ ابن الوردي، ط١، دار الكتب العلمية، بيروت، لبنان.

## المراجع العربية:

أبوزهرة، محمد. (2000م). ابن تيمية، دارالفكر العربي، القاهرة، مصر.

الحسامي، إسلام بن عيسى (2006م) سيرة شيخ الإسلام ابن تيمية وحكاياته مع أبناء زمانه، ط1، دار ابن كثير، عمان، أردن.

حلمي، مصطفى. (2005م). قواعد المنهج السلفي في الفكر الإسلامي، ط1، دار الكتب العلمية، بيروت، لبنان.

حلمى، مصطفى. (2004م). نظام الخلافة فى الفكر الإسلامي، ط1، دار الكتب العلمية، بيروت، لبنان.

الزهراني، علي بن نجيب. (1998م). الإنحرافات العقيدة والعلمية في القرنين الثالث عشر والرابع عشر الهجريين، ط2، دار طيبة، مكة المكرمة، المملكة العربية السعودية.

شلش، عدنان بن محمد بن عبدالله. (2005م). شيخ الإسلام ابن تيمية محدثا، ط1، دارالنفائس، عمان، الأردن.

القطان، أحمد القطان و محمد طاهر الزين. (2001م). شيخ الإسلام أحمد تتقي الدين إبن تيمية، دار الإيمان، إسكندرية، مصر.

لاووست، هنري. نظريات شيخ الإسلام ابن تيمية في السياسة والإجتماع، ترجمة: محمد عبدالعظيم علي، دار الأنصار، القاهرة، مصر.

ليتل، دونالد بز. (2019م). اعتقال ابن تيمية ودلالته في التأريخ والتأريخ، ترجمة: د. أحمد محمود ابراهيم، مركز نهوض للدراسات، الكويت.

موسى، محمد يوسف. (1988م). ابن تيمية، ط2، دار العصر الحديث، بيروت، لبنان.

هوفر، جون. (٢٠٢٠م). ابن تيمية حياته وفكره، ترجمة: عمر بسيوني، ط1، ابن النديم للنشر، الجزائر.

هوفر، جون. (2022م). نظرية العدل الإلهى عند ابن تيمية، ترجمة: محمد خضر، ط1، نماء للبحوث والدراسات، بيروت، لبنان.

ياسين، محمد براء. (2020م). ابن تيمية والمغول، تأريخ لم يقرأ، ط1، دار آفاق المعرفة، الدمام، المملكة العربية السعودية.

سالم، محمد رشاد. (1992م). مقارنة بين الغزالي وابن تيمية، دار القلم، الكويت.

## الرسائل العلمية:

عبدالحميد، قدرية. ١٤٠٥ هـ. موقف شيخ الإسلام ابن تيمية من المعتزلة في مسائل العقيدة، أطروحة الدكتوراه، جامعة أم القرى، قسم الدراسات العليا الشرعية، مكة المكرمة.

## سەرچاوە كوردييەكان

حبيب الله، نهاد جلال. (٢٠١٧ز). شەيخولئيسلام (ابن تيميه) رەچەڵەك و رۆڵى لە مێژووى ئيسلاميدا، چ٣، چاپخانەى زانا، سلێمانى.